# هەڵەبجە، شارێکی زیندوو بووە

## دیمانەیەک لەگەڵ حەکیمی مەلاساڵحدا

**دانا رەشید**

لەنێو بڵێسەی هەموو ڕووداوەکاندا، هەڵەبجە ناسنامەی مەزڵومییەتی گەلی کورد و سیمبولی قوربانی و بەرخۆدانە. ئەم شارە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا ڕۆڵی دیاری هەبووە، گەر لە کلاوڕۆژنەی زانستی و زانیاری و مەعریفییەوە سەیری دەڤەری هەڵەبجە بکەین، شاری شاعیران و هونەر و روناکبیران بووە. لە هەموو دیدگەکانەوە درک بە زیندوێتی ئەم شارە دەکەین، بۆ قسەکردن لە سەر لایەنە هەمە جۆرەکانی ئەم شارە، بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەک لەگەڵ بەرپرسی سەنتەری رۆشنبیری هەڵەبجە و سەرنووسەری گۆڤاری (هەڵەبجە). بە ئاکام بگەیەنین.....

*پ: بەر لە هەموو شتێک بابزانین لە یادی ٢٢ ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە چیمان پێ دەڵێیت؟*

پێویستە ساڵ بە ساڵ بیگۆڕین بە شێوازێک، بۆ ئەوەی شتی دووبارەبووە نەبێت، هەر ساڵێکیش یادی دەکەینەوە پێویستە ئیمتیازێک بدرێت بە هەڵەبجە، کردنی بە پارێزگا بێت، یان کردنەوەی زانکۆ بێت، خزمەتگوزاری زیاتر لەوەی پێویستە باشتر بێت لەوە لادێیەکانی دەوروبەری ئاوەدان بکرێتەوە، دەبێت کەرەستەی خزمەتگوزاریان بۆ ببرێت، ئەو یادە دەکەینەوە بەرێک و پێکی ماوەتەوە سەر ئەوەی ئەم شتانەی وەکو ئێوە دەیکەن دەستان خۆشبێت بچێتە ئەرشیفەوە، لەنێوان ساڵێک و ساڵێکی

تر له یادی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی بزانرێت چی کراوە بۆ هەڵەبجە؟ چیتر پێویستە بکرێت؟

پ: *مامۆستا تیشکت خستە سەر شتێک لە هەڵەبجە کە یادەکان جیاوازبێت دەکرێت ناسنامەی هەڵەبجە لە مەزڵومیەتەوە بگۆڕین بۆ ناسنامەی ئاوەدانی و شارستانی؟*

و: دەکرێت، ئەمڕۆ دنیای ماددیەت لەسەر هەموو شتەکانەوە حوکم دەکات، لە وڵاتە گەورەکانی وەک ئەمریکاش لەبەرئەوە تا ماددەیان زۆربێت، وڵات بەڕێک و پێکی دەبرێت بەڕێوە، من بەر لە ئێستا لەگەڵ ئیدارەی هەڵەبجە قسەم کردووە، ووتومە کاتی خۆی شارێک بووە شانبەشانی سلێمانی لەبزاڤی رۆشنبیریدا بووە، لە هونەری شانۆ و مۆسیقا و سیاسەت و شیعر و چیرۆک و....هتد، جوڵەی هەبووە.

زۆر سوودمان لەو شارستانییەتە وەرگرتووە، لەگەڵ هاتۆتە سلێمانی گوێزراوەتەوە بۆ هەڵەبجە، بە پێچەوانەی ئەوەی رێگەی کۆیە یان رانیە یان قەڵادزێ بگرێت راستە ئەم شارە خزمەتگوزاری پێگەیشتووە، لە رووی شەقام و بیناسازی و پارک و نەخۆشخانەو قوتابخانە خزمەتکراوە، بەڵام شار هەر بەوانەوە نابێت بە شار، دەبێت ئەقڵی و شارستانیەتی تیا بێت. بۆ نمونە شارم دیوە لە ئێراندا بە ناوی (قوم) تا بڵێی شەقام و باڵاخانە و تەلاری بەرزی جوانی تێدایە، پڕە لە پارە و خۆشی و بەختەوەری، بەڵام ئەقڵی تێدانییە!! هەر ئەوەنە دەزانن ساڵانە کەی کاتی عاشورا دێت سنگ دەکوتن بۆ حەزرەتی حسێن، دەبینن شارێکی چەپەکی وەکو بانە کە هیچ خزمەتگوزاریەکی پێنەکراوە لەلایەن رژێمەوە، بەڵام ئەقڵی تیایە رۆماننوسی تێدایە دوو فیلمسازی گەورەی تیایە یەکێکیان (بەهمەنی قوبادی) کە چەند خەڵاتی وەرگرتووە چەند شاعیری باشی تێدایە ئەنجومەنی ئەدەبییان هەیە کە هەفتانە کۆبونەوە دەکەن، رەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانی خۆیان دەکەن بابەت بڵاودەکەنەوە، کەواتە ئێوە ئەگەر دەتانەوێت هەڵەبجە ئاوەدان بکەنەوە، نە دەبێت وەکو (قوم) بێت نە دەبێت وەکو (بانە) بێت، دەبێت وەکو هەردوکیان بێت، لە پاڵیشیدا بایەخێکی زۆر بە سەنتەرە رۆشنبیریەکان و بە بنکە روناکبیرییەکان و لایەنە روشنبیرییەکان بدرێت، بۆ ئەوەی شارەکە لەگەڵ بینای جوان و شەقامی جوان و شتە جوانەکانی تری ژیانی رۆژانەی خەڵکدا ئەقڵەکەشی تێدابێت و بارە

ڕۆشنبیریەکەشی تێدابێت.

*پ. سەرەتای مێژووی هەڵەبجە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟*

و: بەداخەوە زۆر روون نییە، ئەو مێژووەی ئێستا هەیە هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٠٠)ەکان بۆ دواوە. ئەویش زۆر دیاریکراو نییە بنەماڵەیەک لێیان قەوماوە لەشارباژێڕەوە لە ناوچەی شیوەکەڵەوە هاتوون و لێرە گیرساونەتەوە و گەڕەکێکیان دروست کردووە کە سیانزە ماڵ بووە، پاشان بیست ماڵی جولەکە، هاتوون بەکۆچ لەپاڵیان خانوویان دروستکردووە دوای بەگزادەی جاف، ژمارەیەکی زۆریان کە قەڵەمڕەوی ئەوان بووە لەم سنورە لە گەڕەکێکدا نیشتەجێ دەبن ناوی دەنێن گەڕەکی پاشا دوای مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی بەخۆی و دەست و پێوەندەکانییەوە دێن لەگەڵ کۆمەڵێک لەو خزم و کەسوکارەیان گەڕەکی پیرمحەمەد ئاوەدان دەکەنەوە ئەمە هەر لە سەرەتاوە تا دوایی گەڕەکەکانی تر دروست بووە، بەڵام وەکو شوێنەوارە کۆنەکان کە بەدواداچوونمان بۆ کردوون پیشانی دەدەن کە بەر لەم هەڵەبجەیە، هەڵەبجە هەر هەبووە ژیانی تێدابووە، چونکە بە پێی ئەو گۆڕستانانەی کە دۆزراونەتەوە بە پێی ئەو شوێنەوارە دێرین و خانووانەی کە لەژێر زەویدا هەن و بوون بەژێرزەوییەوە، هەموو نیشانەی ئەوەن کە هەڵەبجە بووە، بەڵام کەی؟!

مێژووەکەی کۆنە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕەکانی مێژووی کۆن، کە بەداخەوە مێژووی کوردی تا ئێستا بە پوختی نەنوسراوەتەوە، تا ئێستاش تەعقیبی باشی زانستیانە و ئەکادیمیانە لەسەر شوێنەوارە دێرینەکان نەکراوە، کە ئەوە خەسارەتێکی گەورەی بە ئێمە گەیاندووە، کە پێویستە خەڵکی پسپۆڕ بە ئامێر و تەکنیکی تازەوە بێتە سەر ئەو شوێنەوارانە ساڵ و تەمەن و شتەکانیان هەموو دیاری بکات ئەو کاتە مێژووەکەی مێژوویەکی درەوشاوە دەردەچێت و گرفتمان لەبەردەمدا نامێنێت.

*پ: سەرهەڵدانی رەوتی هونەری بۆ نمونە بواری شانۆگەری، کە دەڵێن لە کۆندا لە هەڵەبجە سینەمای هاوینی هەبووە، واتە سینەمای وەرزی زیاتر لەکەیدا گەشەو نمای بەخۆیەوە بینی؟*

و: لەپەنجاکاندا زیاتر پەیدا بووە، بەتایبەتی من خۆم بە بیرم دێ سینەمایان دەهێنا باسی فیلمی دەکرد بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەکو چین کشتوکاڵ دەکرێت،

هەڵەبجەش شارێکی کشتوکاڵییە و شارەزووری لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی خەڵکەکەی سوود لەو فیلمە وەربگرن کە بکەونە بەرهەمهێنانی گەنم و جۆو توتن و لۆکە و کونجی و بەرهەمەکانی تری کشتوکاڵ، بەڵام لە کۆندا وەکو شانۆ کە باستکرد، پێش ئەم شانۆ هونەرییەی کە دابێت لەسەر قوتابخانەکانی برێخت و سانسلافسکی و مایرهۆڵدو ئەوانی تر شانۆ لە هەڵەبجە هەر هەبووە ئەویش لە زەمانی ئەحمەد موختار جافدا، ئەو ساڵانە لە نەورۆزدا خەڵکێکی زۆر و زەبەندی کۆکردۆتەوە چوون



بۆ دەشتەکانی پشتی هەڵەبجە لەوێ کاتێکی خۆشیان بە سەربردووە، لە رۆژی نەورۆزدا شانۆگەری پێشکەشکراوە لەناو ئەوانەدا مەسەلەی (حاکم و تاوانبار) یان (شوان و بەرغەل). خەڵکەکە دەورەیان داون ئەوانیش هونەریان نواندووە یان هونەرمەندێکی تیابووە دەمامکی دروست کردووە لەسەر پەنجەکانی لاسایکردنەوەی تۆنی قسەکردنی گۆڕیوە لە دەنگی پیاوەوە بۆ ئافرەت و منداڵ بە پێچەوانەوە یان بۆ دەنگی ئاژەڵێک نواندنێکی جوانی نمایش کردووە. بەڵام دواتر و لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو کاتێک شانۆ دێتە سلێمانی، یەکسەر دەگوێزرێتەوە بۆ هەڵەبجە ئەو کاتە مامۆستا (ع. ع. شەونم) کە ئێستا لە ژیاندا ماوە، ئەو سەرپەرشتیاری کارەکانی کردووە و شانۆگەری پێشکەشکراوە لە هەڵەبجەدا گەشەی کردووە، بازرگانی ڤینیسیا، کە یەکێکە لە شاکارە جیهانییەکان لە هەڵەبجەدا بۆ ماوەی پێنج

ڕۆژ پێشکەشکراوە ئیتر دوای ئەوە تیپی شانۆی هەڵەبجە دادەمەزرێت هەروەها مامۆستا (عەلی جۆلا و ڕەئوف یەحیا) لێرەبوون و ئەوانیش ڕۆڵیان هەبووە. لەم دواییانەدا پێش کیمیابارانەکە سێ تیپی شانۆیی تێدابوو، دوو تیپی موزیک و هەروەها گۆرانیبێژی وەکو ( عوسمان هەورامی و محمد ئیبراهیم عەبدولی ناسراو بە حەمە قوتو) باشی هەبووە، بەرهەمەکانیان پێشکەش بە تەلەفزیۆنی کەرکوک کردوە، هونەر لە جوڵەیەکی باشدابوو لە هەموو بۆنە نیشتیمانییەکاندا لێرە ئێمە تیپی شانۆمان هەبوو شانۆگەریمان پێشکەش دەکرد پێش ئێمە ئەوان بۆ ماوەی کاتژمێرێک مۆسیقایان پێشکەش دەکرد، دەبوو بەڕۆژێکی خۆش بۆ ئەو خەڵکە و زۆر چێژ لێوەردەگرت.

پ: *دەبینی لەسەردەمی کۆندا ژنێک دەبێت بە قایمقام، بە بۆچوونی تۆ ئەمە کرانەوەی هەڵەبجە نییە بە ڕوی جیهاندا؟*

و: با ئەوە بە هەڵە تۆمار نەبێت لە مێژوودا، مێردەکەی قایمقام بووە، وەسمان پاشای جاف، بەڵام کاتێک وەسمان پاشای جاف لە ژیاندا ماوە، خانمێکی هوشیار دەبێت و ئەوەندە بەدەم خزمەتی خەڵکەوە دەبێت، بەشێک لە حوکمڕانی مێردەکەی دەگرێتە ئەستۆی خۆی، پاشان لە ساڵی ١٩٠٩ دا کە مێردەکەی کۆچی دوایی دەکات، ئیتر لێرەوە کاروبارەکانی هەڵەبجە و هۆزی جافی بەڕێوە بردووە، ئەم خانمە گەلێک خزمەتی شارستانیانەی کردووە لەوانە: دروستکردنی کۆشکێک. بە چراخانکردنی شەوی بازاڕ و دروستکردنی حەمام و قەیسەری و قوتابخانەو ئەمانە هەموو بەرهەمی ئەوبوون، کە توانی دروستی بکات، ئینجا خەڵکەکە بە گشتی خەڵکی شارەزوور و هەورامان و هەڵەبجە ئیلتیزامێکی تەواویان پێیەوە هەبووە، چونکە بۆیان دەرکەوتووە کە خانمێکی ڕاستگۆیە و لە کاروبارەکانیدا چوست و چالاکە.

پ: *قبوڵکردنی ئەو خانمە وەکو دەسەڵاتدارێک لە هەڵەبجەدا بە ئەقڵییەتێکی شارستانی خەڵکی هەڵەبجەی نازانی؟*

بەڵێ وابووە هەمیشە دیوەخانەکەی پڕبووە لەبەرهەم، چینی یەکەمی کۆشکی پاشا، گەنجینە بووە ئەم گەنجینەیە برنج و گەنم و جۆو نیسک و نۆک و بلوێنە و ماش و قەیسی و.... هتد تێدا هەڵگرتووە. بۆ بەڕێوەبردنی دیوەخانەکەش

هەم بۆ کۆمەککردنی هەژاران تەنانەت شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە کەرکوکەوە ساڵانە لەو گەنجینەیە بەشی خۆی هەبووە هاتووە بردوویەتی (مەلا کاکە حەمەی بێلو)، (ناری شاعیر) لە مەریوانەوە هاتووە بردوویەتی، بێجگە لەوە چەند کەسێکی دیار لە هەڵەبجە کە دەستی کاسبیان نەبووە یان کەمئەندام بوون لەو گەنجینەیە بەشیان بۆ بڕاوەتەوە.

نهۆمی دووەمیشی هی میوانداری و بەڕێوەبردنی میوان بووە. نهۆمی سێیەمیش تایبەت بووە بە دیوەخانێکی گەورە کە لەپاڵیدا چەند ژوورێکی تێدابووە، بنەماڵەی پاشا خۆیان ژیانیان تێدا بەسەربردووە، (حیلمی) شاعیرێکی هاودەمی (ئەحمەد موختار جاف) بووە، تا ساڵانی هەشتاکان مابوو دەیگێڕایەوە دەیگووت، ئەگەر هەوا خۆش بوایە دەچوین لە باخی میر دادەنیشتین قسەمان لەسەر شیعر دەکرد یان شیعرمان بۆ یەکتر دەخوێنەوە ئەگەر زستانیش بوایە ئەوە دەچوینە دیوەخانەکەی (ئەحمەد موختار جاف)، هەموو خزمەتێکی دەکردین بۆ ئەوەی کۆڕە ئەدەبیەکەمان لەوێ ببەین بەڕێوە، ئەمە ئەوپەڕی شارستانیەتە بەر لە حەفتا ساڵ لەمەوپێش بتوانی لەشارێکی بچکۆلەی وەکو هەڵەبجە ئاوا ڕەوت و بزافی ڕۆشنبیری ئاراستە بکەیت.

پ: *ڕەوتی وەرزش و سەرهەڵدانی لە هەڵەبجەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ لە لایەکی ترەوە دەبینین خوێندنگاکانی سەردەمی ساڵی پەنجاکان بەشداری کەشافەی قوبخانەکانیان پێکردون لێکدانەوەت چیە لەو بارەیەوە؟*

و: وەرزش لە هەڵەبجەدا بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێت، وەرزشی فۆلکلۆریمان هەیە، وەکو تۆپقارێن و جوغزێن و سێباز و یەکە و حەیزەرارن و قێل و بەرد و ئەم جۆرە یارییانە هەربووە، بەڵام پاشان وەرزشی نوێ وەکو تۆپی پێ بە تایبەتی بالە و باسکە ئەوە کە لە سلێمانیدا هەبووە لە هەڵەبجەشدا لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەمجار تیپێکی وەرزشی دروستبووە بە ناوی (ئازادی)، یارییان لەگەڵ تیپەکانی سلێمانی کردووە و بەدوایدا تیپی هیوا لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزرا ئەو دوو تیپەش لەگەڵ یەکتردا یاری دەکەن و ئیتر لە ساڵی حەفتاکان بەدواوە تیپی بالە و باسکەی تێدا دروستبوو.

پ: *چەند کەسایەتییەک لە ئیتیحاد و تەرەقی و کۆمەڵەی هیوا و کۆماری مەهاباد*

*ڕۆڵیان هەبووە گەر تیشکێک بخەیتە سەر ئەو کەسایەتییانە؟*

و: هەستی شۆڕشگێڕی لە هەڵەبجەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی جاف کە بە دەستی (مەحمود پاشای جاف )ەوە بووە و یەکەمین قایمقامی ڕەسمیش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە پلە پێیدرا بێت، یەکەم پلەی پاشایەتی بووە، دووەم پلەی قایمقامیەتی هەڵەبجە. سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی بانگی دەکات دەست بەسەری دەکەن وەکو زیندان نا، بەڵام هەر بواری نادات بگەڕێتەوە سنوری خۆی ئەویش کاتێک هەست بەوە دەکات بەناو ئەستەمبوڵدا دەگەڕێ بنەماڵەی



بەدرخانیەکان دەدۆزێتەوە دەزانێت ڕێکخراوێکی سیاسییان دروست کردووە بەناوی (تەعالی و تەرەقی)، ئەویش پەیوەندیان پێوە دەکات و فێری پەیامەکە دەبێت و زۆرباش ئیستیعابی دەکات و پاشان جلوبەرگی پاشایی لەبەر خۆی دادەکەنێت و جلوبەرگی هەژارانە لەبەردەکات و دێتە کوردستانی ئێران و لە ئێرانەوە دێتەوە بۆ ئێرە. لە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید ڕزگاری دەبێت کە دێتەوە هەڵەبجە پێشوازیەکی زۆر گەورەی لێدەکرێت تەنانەت سنور دەبەزێنێت و دەچنە ئێرانەوە و خەڵکێکی زۆر و زەبەندی جاف. کە دێتەوە ئێرە دوای ماوەیەکی کەم ماڵی لە دوو ئاوانەکەی زەڵم دەبێت لە شارەزوور، پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی ژین دا نوسیویەتی دەڵێت: یەکەمین کۆبونەوەی فراوان کە کرابێت بۆ ڕۆشنبیران و پیاو ماقوڵانی کورد

ئەو کۆنگرەیە بوو، کە مەحمود پاشا لە ماڵەکەی خۆیدا لە دوو ئاوانەکەی زەڵم دا بەستی و ڕێکخراوێکی تیادا ڕاگەیاند، ئیتر وردە وردە دوای ئەوە دەسەڵات دەگۆڕێت ڕێکخراوەکەش نامێنێت، لەوەوە دەست پێدەکات تا بڵێین حیزبی هیوا دروست دەبێت چەند کەسێک لە هەڵەبجە وەکو مامۆستا مەلا حەسەنی قازی ناسراو بە (شاهۆ) شاعیرێکی بەرزە وەکو عەلی شاوەیس ئەمانە پەیوەندی دەکەن بەو حیزبەوە و لە ناو هەڵەبجەدا پەیامەکە بڵاودەکەنەوە هەروەها بۆ کۆماری مەهابادیش ئەوە ئیتر روونە کە خەڵکی وەکو مامۆستا (شێخ حەمە ئەمین کاردۆخی) شاعیر و هەندێ لەبرادەرەکانی تریان پەیوەندیان بە کۆماری مەهابادەوە کردووە و پەیامەکەیان وەرگرتووە، پەیامەکەش دەنێردرێتە ئەمدیو، کۆمەڵەی هیوا هەڵدەوەشێتەوەو حیزبی دیموکرات جێگەی دەگرێتەوە و ئەڵقەیەکی دەچێتە هەڵەبجە و لە وێش دەکەونە چالاکی نواندن و رۆڵێکی باشیان بینیوە.

*پ: سەبارەت بە ئایدیای چەپ و بزووتنەوەی کوردایەتی سەرهەڵدانی چۆن لەم ناوچەیەوە سەرچاوەی گرتووە؟*

و: چەپ، کاتێک (فەهد) ئیختیفا دەبێت دێتە هەڵەبجە، لێرە وەکو پیرەمێردەکان دەیانگێڕایەوە نەیانناسیوە کە ئەوە کێیە؟، ئەو لوقمە قازی فرۆشتووە دوایی کە حیزبی شیوعی دەکەوێتە دەسەڵاتەوە و وێنەی دەردەکەوێت دەڵێن ئەوە فەهد بوو کە لێرە بوو، ئەو یەکەم کەس کابرایەکی جولەکەی ڕێکخستووە بە ناوی (بابلی) کە خۆی لەناو خەڵکدا ناوناوە تۆفیقی بابلی، ئەوە یەکەمین ئەڵقەی بووە دوای ئەویش وردە وردە کەوتۆتە جوڵە کۆمەڵێک خەڵک پەیوەندییان پێوە کردووە، چونکە بنچینەی گەشەکردنی ڕەوتە کۆمۆنیستییەکەیان (باڵە چەپەکە) لەسەر ئەوە بووە بەگزادەی جاف لەو تەمەنەدا خەڵکیان لێ مابووەوە و لە حوکمڕانیدا توند بوون، وەکو پێشینەی خۆیان حوکمڕانییەکەیان نەرم و نیان نەبوو، خزمەت نەبووە لەگەڵ خەڵک و چینی هەژار و چەوساوە و جوتیار و کۆمەک کردنی خەڵکی لێقەوماو، ئەو بنەڕەتی باڵی چەپیش لەسەر دژایەتی کردنی دەسەڵاتدارێتی بەرز و پشتگیری کردن لە چینی هەژار دروستبووە بەهۆی ئەمەش گەشەیان کردووە، بەڵام بەهەموو گەشەکردنێکیشیانەوە نەیانتوانیوە شوێن پێی هەستە کوردایەتییەکە لەق بکەن و

نەیهێڵن، لەبەرامبەریدا پارتی هەر لە بزافدا بووە، ئیتر هەڵەبجە نزیکەی بیست ساڵ بە کێشەی پارتی و شیوعی تێپەڕیوە، جار هەبووە کار گەیشتۆتە شەڕ و خوێنیشی تێدا رژاوە، بە کوشتن نا، بەڵام شەڕی دار و چەقۆ وەشاندن.

هەروەها مەلاکانیش لەو نێوانەدا ماون، بەڵام بە پێوەری دینی زۆرتر لایەنگری پارتییان گرتووە تا کۆمۆنیستەکان، پێیان قبوڵنەکراوە و لایەنگری پارتییان کردووە



و پارتی لە گەشەدابووە و شیوعیش بەرامبەر بەوان لەکار و چالاکی خۆیان بووە تا وایلێهاتووە شارەکە لە رووی سیاسیەوە شارێکی رۆشن بووە، بۆیە دەبینین لە شۆڕشی ئەیلولدا یەکەمین مەفرەزە کە ناوەکانیان ئاشکرایە، دەچنە دەرەوە لە چیای شنروێ کانیاوێکی لێیە بەناوی (وەزگێڵ) دەیکەن بە بارەگاو دەکەونە چالاکی و گەشە دەکات تا کۆتایی هێنانی شۆڕشی ئەیلول. لەدوای ئەمەش یەکەمین مەفرەزە هەر لە هەڵەبجەوە دەرچوو ناوەکانیان دەزانین چوونە چیای سورێن لە پێشەوە دەستیان کرد بە چالاکی هوشیارکردنەوە کاک (شێخ عەلی) کە رابەر سیاسی مەفرەزەکە بوو، کۆبونەوەی بە گوندەکان دەکرد کە نەبنە بەعسی و لایەنی نیشتمان بگرن و کوردایەتی کەوتەوە جوڵە و چەکمان هەڵگرتەوەو ئەوە ئێمە پشتگیری و پشتیوانی لەئێوە دەکەین و خزمەت لە پێناوی ئێوە دەکەین و لەو بارانەوە کۆبونەوەی ئامۆژگاری جوانیان بە لادێیەکان کردبوو تا وردە وردە مەفرەزەکە گەشەی کرد دەبینی لە مێژووی یەکێتی نیشتیمانیشدا تۆمار کراوە کە یەکەمین

شەهیدی سەنگەر شەهید (فاتیحی شێخ حەیدەر) بووە لەناو جەرگەی شارەزووردا.

*پ: ئەبینین زۆربەی مەلیکەکان وەکو مەلیک فەیسەڵ و وەفدەکانی تری بیانی سەردانی هەڵەبجەیان کردووە، ئایا ئەمە خۆی هۆکارێک نییە بۆ زیندوێتیو بایەخدان بەم شارە؟*

و: هەڵەبجە شارێکی زیندوو جوڵاو بووە شارستانیەتی تیابووە لەبەرئەوە بایەخی زۆر پێدراوە بۆ نمونە هەر لەپێش مەلیکیەوە هەر لە زەمانی دەسەڵاتدارێتی ئینگلیزەکاندا بۆ یەکەم جار لەو خەتی بناری شارەزوورەوە جادەیان دروست کردووە ئۆتۆمبێلیان بۆ هێناوە فرۆکەخانەی تیابووە کە ئێستا شوێنەکەی پێی ئەڵێن (جێ تەیارە) رادیۆی بۆ هێنراوە، گرامافۆنی بۆ هێنراوە لە رێگەی خانمی وەسمان پاشاوە پۆستو تەلەگرافی تیا دروست کراوە ئیتر بنەماڵەی جافیش بۆخۆیان بەگزادەکان ئۆتۆمبێلیان کڕیوە هاتوچۆیان بۆ خەڵک بۆ سلێمانی ئاسان بووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە شارەکە ناوبووە بۆیە روویان لێناوەو سەردانیان کردووەو ئەوانیش هەوڵیان داوە لە رێگەی خۆیانەوە خزمەتی زیاتری تیابکەنو کردوشیانە و دیاریشە و شوێنەوارەکانی ماوە.

*پ: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دیوەخانەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و لە (گۆران) ی شاعیرو لە (ئەحمەد موختار بەگی جاف)... هتد، دەبینین خەڵکی ئەم ناوچەیەن. کاتێک گوێت لەم راستییە دەبێت چیمان پێ دەڵێیت؟*

و: راستییەکەی مێژووی شیعر لە هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە هەشت سەد ساڵ بەر لە ئێستا ئەویش قوتابخانەی کاکەییەکانە، یەکەمین دەسپێشکەریش لەو بوارەدا کە بەرهەمی وەکو شیعر لێ بەجێمابێت چەند پارچە چوار خشتەکییەکە، بەڵام پڕە لە حیکمەت و تەسەوف و عیرفانی خۆیان ئەویش هی (باوەناوس سەرگەتی) ە، (باوەناوس) دەبێت بە سەر قافڵەی کۆمەڵێک شاعیری کاکەیی لە دەوروبەری خۆیدا، ئەوە قۆناغی یەکەمی شیعر بووە لە سنوری هەڵەبجەدا بەدوای (باوەناوس) دا، هەر لەناو کاکەییەکاندا (عابدین جاف) هەڵدەکەوێت هەتا دەفتەرێک لە ناو کاکەییەکاندا هەیە بە ناوی دەورەی عابدین پیاوێکی گەورەی خوێنەواری زۆر بەرز دەبێت شاعیرێکی چاکیش دەبێت کۆمەڵێک شاعیر لەلای ئەو شیعرەکانیان دەدەن لە سەنگی مەحەک و هەڵسەنگاندنیان بۆدەکات و هانیان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر لەوە

خزمەت بە بواری شیعر بکەن، دوای ئەوە قۆناغی سەردەمی مەولەوی هاتە گۆڕێ.
لە سەردەستی مەولەوی کۆمەڵێک شاعیر لەناوچەکەدا پێگەیشتون، شیعری جوانیان هەیە وەکو شێخ حەسەنی سازانی و کاک (ئەحمەدی پریسی یوسف بەگی ئیمامی و مەلا نیزام و مەلا چراغ و مەحمود یارەویس)ی، ئەوانە کۆمەڵێک شاعیری ئەو قۆناغەن واتە (مەولەوی) لە ناویاندا سەرمەشق بووەو سەرتۆپ بووە ئەوان لەلای (مەولەوی) توانیویانە سود لە هونەری شیعر وتنی مەولەوی وەربگرن، لە قۆناغی دوای ئەویشدا وردە وردە کزییەک بە شیعرەوە دیارە، بەڵام زۆر بەو ئەندازەیەش نا، تا دێتە سەر دەیەکان. لە دەیەکاندا ( تایەر بەگی جاف) دروست دەبێت، شاعیرێکی گەورە بە دوایدا (ئەحمەد موختار جاف) لەگەڵ ئەودا (گۆرانی شاعیر، شاهۆ، کاردۆخی، حیلمی) ئەمانە شاعیری ئەو قۆناغەبوون کە بە میوانداریش یان بە حوکمی وەزیفەیەک دوو شاعیری تر وەکو (فایەق بێکەس و کەمالی) و ئەوانەش لە هەڵەبجەدا یەکی بۆ ماوەی بیست بۆ چل ساڵێک ماونەتەوە، تەنانەت (شێرکۆ بێکەس) لە دایکبوی شاری هەڵەبجەیە، ئەوانەش وەکو شاعیری هەڵەبجەییان لێهاتووە لەو سەردەمەدا لە ناو هەموو کوردستاندا هەڵەبجە نازناوی شاری شاعیران وەردەگرێت، چونکە بەجارێک دوانزە دەنگی شاعیری تیابووە شارێکی بچکۆلەی ئەو سەردەمە زۆر بووە ئەم هەموو شیعرەی تیابێت ئەوە سەردەمی زێڕینی شیعر بووە، ئێستەش شیعر هەر لە قۆناغی خۆیدا بەهێزە، وەکو (ڕۆژ هەڵەبجەیی، ئاری عەبدوللەتیف) مان هەیە ئەمانە بەراستی شیعری تۆکمەو پەرداخ دەنوسن کە لە فیستیڤاڵەکاندا بەشداری دەکەن و خەڵاتی بەرز وەردەگرن.

ئەگەر لەبارەی نۆڤلێتەوە قسەبکەین، یەکەم نۆڤلێتی کورد لە سلێمانی نوسراوە لەسەر دەستی (جەمیل سائیب) هەر لەو ساڵانەدا دووەمین نۆڤلێت لەسەر دەستی ئەحمەد موختار جاف دا دەنوسرێت، واتە بواری مەبەستەکەم ئەوەیە کە هەڵەبجە لە رووی رۆشنبیرییەوە قەرزاری دوو سەرچاوەیە:

یەک: بەگزادەی جاف.

دووەم: سلێمانی، چ شارستانییەک رووی لە سلێمانی کرد بێت گوێزراوەتەوە بۆ هەڵەبجە لەبەر ئەوەی نزیکن لەیەکەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆرە. بەگزادەی جافیش سنگیان فراوان بووە بۆ وەرگرتن ئەو هەموو شەپۆلە شیعری و شانۆیی و

ئەدەبی و هونەرییەی کە بەرەو شارەکەیان دێت و پێشوازی گەرمیان لێکردووە.

*پ: هەڵەبجە شاری قوربانیدان و بەرخودان بووە، هەر لە بۆردومانی ١٩٧٤ەوە بۆ ڕاپەڕینەکانی ١٣/٥/١٩٨٧ و تا دەگاتە کارەساتی ١٦/٣/١٩٨٨، دەکرێت تیشکێک بخەیتە سەر ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی کەبەسەر هەڵەبجەدا هاتووە؟*

و: کارەساتەکان زۆرن هەریەکە و بۆ قۆناغی خۆی دەگەڕێتەوە، خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەرەکەی شەهیدی زۆریان داوە لە پێناویدا، واتە ناوچەکە لە سەردەمێکدا ناونرا شاری ڕاپەڕین، چونکە کاتی خۆی لە هەڵەبجە حکومەتی خۆمان هەبووە کە بەگزادەی جاف بووە، حکومەتێکی خۆماڵی چاک بووە خزمەتی باشی کردوین، ئیتر دوای ئەوە حکومەتێکی تر هاتووە هەنگاوێکی لاری دانابێت خەڵکەکە ناڕەزایی دەربڕیوە و دەستیان کردووە بە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان، ئەوە وای کردووە شارەکە شارێکی ڕاپەڕیو بێت، ئینجا بوونی حیزبەکان تیایدا کە لە چالاکی نواندندا بوون ئەوانە وای کردووە هەمیشە کارەساتی گەورە بەسەر هەڵەبجەدا هاتووە بەتایبەتی هەر هەڵەبجە خۆی لەم شۆڕشی ئەیلولەدا کارەساتی زەعیم سدیق کارەساتێکی گەورەبوو شەهیدی زۆری تیا درا هەروەها کۆمەڵێک خەڵکی زۆری تیا ماڵ وێران بوو سامانەکانیان لە دەستدا. هێرشەکەی زەعیم سدیق بە بڕیاری حکومەتی عێراق بوو بۆ نەهێشتنی پێشمەرگە لەو سنورە بە واتای ئەوەی کە پێشمەرگە لەم سنورەدا نەما ئیتر پێشمەرگە نامێنێت لە کوردستاندا، بەڵام لەشکرەکە ڕێگەی لێگیرا لە پردی زەڵمدا پێشمەرگە بە چەکی سوکەوە ڕێگەیان لەو لەشکرە گرت سێ ڕۆژ پێشگیریان لێکرد و نەیانهێشت بێتە هەڵەبجەوە، بەڵام ئەوان بە ئیمکانیاتی تەواوی تانک و زرێپۆش و چەک توانیان پێشڕەوی بکەن بەرەو ناو شار ئیتر هەر لەپێش گەیشتنە ناو شارەوە لەشکرەکە دەستی کرد بە تۆپبارانی و شارو دەوروبەرەکەی، شار بوو بە دۆزەخ، خۆم بیرم دێت کە هاتنە ناو شاریش (منع التجول) قەدەغەکردنی هاتوچۆ دەستی پێکرد ماڵ بە ماڵ دەگەڕان کۆمەڵێک خەڵکی زۆریان گرت و کۆمەڵێکیان زیانی جەستەیی و ماڵییان پێگەیشت ئەوە کارەساتێکی گەورەبوو.

کارەساتی ساڵی ١٩٧٤ کە بەچەکی قەدەغەکراوی ئەو سەردەمە ناپاڵم ڕاست و چەپ لێیدرا کۆمەڵێک خەڵکی زۆر کە نزیکەی (٥١ — ٥٢) کەس تیایدا شەهید

بوو کۆمەڵێکی زۆریش بە بریندارى مانەوە و دواییش خەڵکەکەی هەمووی ئاوارەی کوردستانی ئێران بوون. تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول گەڕاینەوە، لەساڵی ١٩٧٧ دا دژی ئەوەی کە حکومەتی عێراق گوندەکانی شارەزووری راگواست خەڵکی هەڵەبجە و شارەزور، راپەڕین١٩٨٧ دژی ئەو بڕیارە خۆپیشاندانێکی چەند رۆژی کە قوربانیدانی زۆری بەدواوە بوو دەستی پێکرد، بەڵام دوای حکومەت بە کۆپتەر و تانک و (TNT) گەڕەکی کانی عاشقانی تەقاندەوە راپەڕینەکەی سەرکوت کرد بەشێکی زۆری خەڵکی شارەکە دیسان ئاوارەی ئێران بوونەوە تا ساڵ بوو بە ١٩٨٨ دیسان لەلایەن هێزی پێشمەرگە و بەهاوکاری حکومەتی ئێران هەڵەبجە ئازادکراو خەڵکەکەی پێشوازیان لەو ئازادیە کرد، بەڵام ئەوەبوو رژێم هات بەو چەکە کوشندەیە ئەو تاوانە گەورەیەی تیا تۆمارکرد کە مێژوو لە بیری ناکات.

هەڵەبجە بۆخۆی نازناوی شاری شەهیدانی وەرگرتووە بەبۆنەی ئەو کارەساتەوە بەسەریا هاتووە ساڵانەش بەرێزەوە یادی دەکەنەوە.

پ: *مامۆستا کتێبێکت لە کتێبخانەی کوردیدایە، (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا) دیارە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، ئایا بەرگی تری هەیە؟ گەر هەیە لەچ تەوەرێکدا خۆی دەبینێتەوە؟*

و: چەند بەرگێکە، ئێستا بەرگی دووەمی ئامادەی چاپە بڕیاریان داوە بۆم چاپ بکەن، تایبەتە بە شاعیران و نوسەران، لە مێژووی کۆنەوە ئەوەندەی درکم پێ کردبێت لە (بابە ناوس سەرگەتی)یەوە تا کارەساتەکە بە شەهید کردنی مامۆستای پایە بەرز (ساڵح شارەزوری) کە شاعیر بووە لەگەڵ شەهید جەلال عازەبانی کە ئەویش شاعیر بووە، ئەمە بەرگی دووهەمیەتی قەبارەکەی زۆر گەورەیە، چونکە شاعیرمان لە قۆناغە جیاوازەکانی ناوچەکە زۆربوون، بەرگیکی ترم داناوە بۆ شانۆ، بەرگێک بۆ هونەری مۆسیقا، بەرگێک بۆ فۆلکلۆر و بەرگێک بۆ سەرهەڵدانی وەرزش یان بەسەرکردنەوەی ئەو وەرزشە کۆنانەی هەڵەبجە وەکو فۆلکلۆر باوبوون، چۆن کراون، لە چ وەرزێکدا کراون، لە کوێ دا کراون، ئەوانەم بەسەرکردۆتەوە لەگەڵ وەرزشی نوێدا کە لە چایخانەکانەوە دەستی پێکردووە.

*پ: سەنتەری ڕۆشنبیری هەڵەبجە هەیە و تا چەند هەوڵتان داوە خەڵکی هەڵەبجە و لە ناویشیاندا توێژی گەنجان لە دەوری ئەو سەنتەرە کۆبکەنەوە؟*

و: گۆڤارێکی گەورە دەردەکەین بۆ گەورە بە ناوی (هەڵەبجە)ەوە وەرزییە و (گۆران) بۆ منداڵانە، من کاتێک هاتمەوە هەڵەبجە زانیم منداڵانی شارەکەم بێبەشن لە بەهرەیەکی لەوجۆرە زۆر بەزەییم جوڵا تا یەکەم ژمارەم بۆ دەرکردن بە مەرجێک تا ئێستا لە لایەن سەرەوەی خۆمان بودجەیەکی تایبەتی بۆ نەبڕاوەتەوە هەر لەسەر بودجەی گۆڤارە گەورەکە دەری دەکەین لە دەمی خۆمانی دەگێڕینەوە بۆ ئەوە چونکە دەزانم جێگەیەکی باشی گرتووە لەناو منداڵانی هەڵەبجەدا و بە بەلاش دابەشی دەکەین بەسەریاندا، هەروەها چالاکی ترمان هەیە چەندین خولمان بۆ زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە و هەروەها بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر کردۆتەوە ئەوانەش خزمەتێکن جموجۆڵێکی بەرچاوی خستۆتە ناو شارەکەوە.

*لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێزت دەکەین کە ئەم دەرفەتەت بۆ ڕەخسانین بەهیوای تەمەن درێژی و خوازیارین لە یەزدان کە قەڵەمەکەت هەر بەبرشت بێت.*

زۆر سوپاس هیواخوازم بەردەوام بن و هەر لە گەشەکردندا بن بۆ خزمەتکردنی. گەلەکەمان.

**حەکیم مەلا ساڵح**



ساڵی ١٩٥٤ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردا، دەرچووی پەیمانگای ئیسلامییە، لە پاش تەواوکردنی خوێندن دەبێتە فەرمانبەر لە بانکی هەڵەبجە، پاشان لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ١٩٨٢ ەوە ئەرکی بەڕێوەبەری تیپی شانۆی هەڵەبجە دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها بەڕێوەبەری چەندین کۆڕی ئەدەبی و ڕووناکبیری بووە، ئەرکی ئێستاشی پەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری هەڵەبجەیە.

◆ مێژووی جموجۆڵی سیاسی لە هەڵەبجەدا.... بەکر حەمە سدیق

◆ ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٨٧/٥/١٣،

خاڵی وەرچەرخان بوو...................... عەبدولقادر شادی

# سیاسی